# جوانیەکانی ڕەنگی ڕەش لەستایلی نوێدا






لە هەر وەرزێکدا مۆدەی دەستە جلەکان دەکەوێتە بەردەستی خانمانەوە، لە میانەی ئەو جۆرە دەستە جلانەوە شێوازی داهاتووی جوانی ئەو کەسە دیاری دەکرێ و دەبێتە مۆدەیەکی تایبەت لە داهاتوو، بۆیە لە ساڵی تازەدا لەگەڵ دەرکەوتنی مۆدەکان، شێوازی تازە لە دەستە جلەکان بەدی دەکرێن، لێرەدا بۆ ساڵی ٢٠١١ مۆدەی دەستە جلی لە ڕەنگی ڕەش، شایستەی مۆدەکانی تازەیە لەو بوارەدا. ڕەنگی ڕەش لەلای خانمان بە ڕەنگێکی خۆشەویست دەناسرێ، چونکە لەگەڵ گشت جۆرە مۆدە و کەرەستەیەکی دیکەدا دەگونجێ، بۆیە دەکرێ سوود لەم دەستە جلەوە وەربگرن بۆ ئەوەی لە نزیکەوە شێوازێکی تایبەت و ڕازاوە لە خۆبگرن، سوود لە دەستە جلی ڕەنگی ڕەش وەربگرن.





# مۆدەی پووت دەگەڕێتەوە





ئەمساڵیش مۆدەی پووت بەردەوام بوو، بۆیە دەکرێ سوودێکی گەورە وەربگرین لە جوانی پووتەکان، کە جێگەی سەرسامی و جوانییەکی کراوە دەبن، بە تایبەت کاتێك لەگەڵ کاوبۆی جینز یان تەنوورەی کورت دەپۆشرێن، لێرەدا جوانی پووت دەبێتە دیمەنێکی سەرنجراکێشی و وەرگرتنی لایەنێکی مۆدە لە جلەکان، چونکە پووت جگە لەوەی کەرەستەیەکی گەرمە بۆ وەرزی زستان، تەنانەت جوانییەکی ڕەها بە جەستەی خانمان دەبەخشێ، بە تایبەت کاتێك ڕەنگی پووت لەگەڵ ڕەنگی جلەکان دەگونجێ یان پێچەوانە دەبێ، لە هەردوو حاڵەتدا جوانی پووت کراوە و ڕازاوە دەبێ، لێرەدا سوود وەردەگرین لە پووت، کاتێك لەگەڵ کاوبۆی دەپۆشرێ، دەبێ خوارەوەی کاوبۆیەکە لە ناو پووتەکە بێ، یان کە لەگەڵ تەنوورە دەبێ، دەکرێ نێوان کۆتایی تەنوورە و پووتەکە بۆشاییەك هەبێ، لەم بۆشاییە یان بە پێست دەردەکەوێ، یان کۆڵۆن دابنرێ.


# هەنگاوەکانی ماکیاژ و







خانمان کاتێك خەریکی کارکردن لە دانانی ماکیاژی چاوەکان، یان ڕێکخستنی پشت چاوەکان، بێگومان ماندووبوونێکی دەوێ بۆ ئەوەی شێوازێکی جوان دەربکەوێنرێت، لێرەدا هەنگاوەکان






# ماکیاژی هەمەڕەنگە بۆ ڕوخسارت



جوانی ماکیاژەکان لە شێوە و دانانی ڕەنگەکانەوە دەبێ، بۆیە لە ڕێگەی ماکیاژێکی تایبەت و کراوەدا، شیاوی جوانییەکی ڕەها دەبێ، لێرەدا دەبـێ ماکیاژ دیمەنێکی سـەرەنجڕاکێش و ناسـکی هەبێ، زیاتر ئەو ڕەنگانە بەکاربهێنە کە یەك دیمەن بۆ ماکیـاژەکان دەردەکەوێنن، لـە ڕێگەی هاوڕەنگەکانەوە، دەبێ سـوود لە ماکیاژی کـراوە وەربگرین، ئەمەش وادەکات دیمەنێکی ڕازاوە ببەخشێ، وەك ئەو ماکیاژەی، کە جوانییەکی ناسك دەبەخشێ.



٢


٤

## دانـــانی لەپشت چاو

بە وێنـــە بۆتـــان ڕوون دەکەینەوە و کە چەند هەنگاوێکی سادەن و بە ئاسانی جێبەجـێ دەبێ، لەگــەڵ هەنگاوەکان بەردەوام بن و دەتوانن بگەنە ئەو وێنەیە کە ئەنجامەکەیە.


٦


٨

## چاکێتەکان جوانییەکی کەشخەیان هەیە



جوانی جلەکان پابەندە بە جوانی شێوە و نەخشی ئەو جلەی کە دەپۆشـرێ، بۆیە دەکرێ لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئەو جلانەوە شـێوازێکی تـازە و تایبەت هەڵبژێریـن بۆ ئەوەی لـە نزیکەوە شیاوی پۆشین بێ، لێرەدا تیشك دەخەینە سەر چاکێت بۆ خانمان، کە جلێکـی نایابە و لە نزیکەوە سەرنجی دەوروبەر ڕادەکێشێ.
چاکێتـەکان بۆ وەرزی سـەرما شـێوازێکی جوان لە خۆ دەگرن، لەگەڵ ئەوەشـدا لەگەڵ گشـت جـۆرە جلـەکان ڕێکدەکـەوێ و ماددەیەکی جوان دەردەچێ لەبەر چـاوی بەرامبەر، بـە تایبەت کاتێك چاکێتەکان بە ناسـکی و نەخشـێکی جوانەوە ئامادە دەکرێن.



# کڵاوی کوردی مێژووەکەی (١٠٠٠) ساڵە

کەرەستە کوردییەکان بە گشت شتێکەوە مایەی جوانی و ڕەسەنایەتی و کاری جوانن، بۆیە دەبێ ئەو کولتوورە



## (٦) منداڵ بە جارێک



یەکێك لە سەیرترین وێنەکانی ساڵی ٢٠١٠، وێنەی ئەو خێزانە بوو کە دایك و باوکێك لەگەڵ (٦) کۆرپەلە جمکەکەیان وێنەیان گرتبوو، ئەو خێزانە لە ویلایەتی (دیترۆیتی ئەمریکی) دەژین، ئەمەو بەیەك زگی ئافرەتەکە (٦) منداڵی جمکیان بەیەکەوە بوو، کەچی هەریەك لە پیاو و ئافرەتەکە لە چاوەڕوانی جمکێك بوون، بەڵام بوون بە دایك و باوکی شەش منداڵ.

## ئافرەتێک خۆی دەخوازێ!



ئەوانەی کارە سەیرەکان ئەنجام دەدەن، بەپێی بیرۆکەیەکی تایبەت بە خۆیانەوە بیری لێدەکەنەوە، ئەمەش وادەکات ببێتە حاڵەتێکی سەیر لەبەرچاوی خەڵك، بۆیە هەندێك لە بڕیارەکان دەبێتە جێگەی سەرسوڕمانی کەسانی دیکە، ئەو ئافرەتە پێدەچێ ئەوەندە خۆی بە دڵ بێ، بۆیە بڕیاری دا کە خۆی بخوازێ، لە وڵاتی تایوان دەژی و (٤٥) ساڵە و ناوی (شین سینگ)ە، لەو ماوەی تەمەنی هەر بە تەنیا ماوەتەوە و ئێستاش بڕیاری دا لەگەڵ سەری ساڵی تازە خۆی بخوازێ و کە زۆر خۆی خۆشدەوێ.



جوانــە فەرامۆش نەکەین و بە هەموو دڵمان بیپارێزین، لێرەدا دەمانەوێ باس لــە کڵاوی کوردی بۆ پیــاوان بکەین، ڕێگــەم کەوتــە لای کڵاو فرۆشــێك و چەندین جــۆرە کڵاوی دانابوو، پرســیارم لێکــرد دەربــارەی کڵاوەکان، ئەویش پێیوتم: ئەو کڵاوانە کورد دروســتی دەکات و یەکێکیان مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ (١٠٠٠) ساڵ پێش ئێستا، چەندین جۆری دیکەش هەن بە دەســت دروست دەکرێن، جوانتریــن کڵاویش پێیدەوترێ (بووك و زاوا) کە لە پێشــوودا نــاوەوەی لە هەویر دروست دەکرا، دەرەوەش بە ماددەی (حەریر)، دواتریش کاری نەخشکاری لەلایەن کچانی کوردەوە بۆ ئەنجام دەدرا، نرخی گرانبەهاترین کڵاو دەگاتە (٥٠) هەزار دینار.

## قەڵای پاشای کۆرە لەبەردەم هەڕەشەی لەناوچووندا



شوێنەواری کوردستان چەندین دیمەن و شوێنی جوان لە خۆدەگرێ، تەنانەت دەبێتە یەکێك لە ئاسەوارە کۆنەکانی جیهان، لەگەڵ جوانی سرووشتی کوردستان دەگونجێ و دیمەنێکی تایبەت دەبەخشــن، ئەوەی دەیبینن بریتییە لە قەڵای (پاشای کۆرە)، کە دەکەوێتە سنووری شاری سلێمانی و مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ سالآنێك لەمەوبەر، ئەوەی ســەیرە لەم قەڵایەدا ئاســەواری قەڵاکەیە، کە بە شــێوەیەکی سەیر و جوان دروســت کراوە، تەنانەت تا ئێستاش ماوە، شێوەی قەڵاکە دەردەکەوێ لەم وێنەیەدا، بەڵام بێ خزمەتەوە هەڕەشەی لەناوچوونی لێدەکرێت.

## فیلێک بۆتە نیگارکێش



گیانــدارن خاوەن بەهــرە و کاری ســەیرن، هەندێکیان دەردەکەون بەهۆی ئەو بەهرە و جووڵانەیان کە دەتوانن مرۆڤ سەرسام بکەن، لە وڵاتی تایلەند، فیلێك هەیە سالآنێکە دەتوانێ کاری وێنەکێشان بکا، پێشتر چەندین وێنەی سەیری کێشاندووە و تەنانەت دەتوانێ بە لووتــی فڵچەی وێنەکێشــان بگرێ و لەســەر وەرەقەیەکی ســپی وێنە دروست بکات، ئەوەی ســەیرە وێنەکان دوای ئەوەی دەکێشــرێن، زیاتر گوزارشت لە دارستان و دار و گژوگیا دەکات، وادیارە ئەو فیلە سەرســامە بە سرووشت و لە وێنەکاندا بە جوانی دەردەکەوێ.

# دەمانچەی واگەورەتان بینیوە



ئەگەر لە دوورەوە سەیری ئەو چەکە بکەین، لە شێوەی دەمانچە دەردەکەوێ، نەکەن وا بیربکەنەوە کە ئەوە دەمانچەی راستەقینە بێ، ئەگەر دەمانچەی لەو شێوە گەورەیە هەبێ، دەبێتە تۆپ، ئەو دەمانچەیە بریتییە لە سندووقی پۆستە، بۆ ئەوەی دیمەنێکی جوان و سەیری هەبێ، لە شێوەی دەمانچەیان دروست کردووە.

# یاری پیت ڕیزکردن

**هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی یانەیەکی کوردستانت بۆ دەرچێ**

ئ ر س پ

**وەڵامی ژمارەی پێشوو (ئەژدەر)**

## نوکتە

**برنادشۆ (گەورە نووسەری ئیرلەندی) دەڵێ: نوکتە بچووکترین بەشی ئەدەبە!**

- بە پیاوێک ئەڵێن بە خوا سوکیت، بەخوا بێ غیرەتیت. ئەو ڕۆژە بە چاوی خۆمان بینیمان کە ژنەکەت یەک لەسەر یەک تاکە نەعلی تێئەگرتیت. ئەویش ئەڵێ: جا توخوا هێشتم یەک دانەم بەرکەوێ؟

***


- مارێك مارێکی تری خۆش دەویست، شەرمی دەکرد بەمارەکەی بڵێ خۆشم دەوێی،ڕۆژێکیان وتی: بەسە ئەم شەرمە تاکەی، دەچم پێی دەڵێم: خۆشم دەوێی، لێی نزیکبۆوەو سەیری کرد سۆندەیە!!

## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩




ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ نزیکترین کەست، گوێ لە ئامۆژگاری هاوڕێکەت بگرە و بە قسەی بکە ئەو بەرژەوەندی تۆی دەوێت، چەند شتێکت بۆ ڕوون دەبێتەوە کە دەبن بە هۆکارێك بۆ ئەوەی هەڵەی ڕابردوو دووبارە نەکەیتەوە.

## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠




دوای ماوەیەکی زۆر لە چاوەڕوانی بە دیداری کەسێکی نزیکت شاد دەبیت و زۆر بەختەوەر دەبیت، کەسی بەرامبەر تا ئێستاش چاوەڕوانی وەڵامی تۆ دەکات. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە وەڵامی بدەیتەوە و هەستی خۆتی پێ بڵێیت.

## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠



کەمێك هەست بە خەمناکی دەکەی ئەمەش بەهۆی زانینی چەند ڕاستییەك کە تا ئێستا تۆ نەتدەزانی، پێویستە سۆزی زیاتر بە خۆشەویستەکەت ببەخشیت. لەبەر ئەوەی وا هەست ئەکات وەك جاران خۆشت ناوێت.

## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢




چەند گۆرانکاریەك لەژیانت ڕوودەدەن کە هەموویان لەبەرژەوەندی تۆ دا دەبن. لەهەندێ لایەنی تایبەتی ژیانت هەست بە دڵتەنگی دەکەی بەڵام ئەگەر هەر کێشەیەکت بۆ دروست بێت خەمناك مەبە چارەسەری پێویستی بۆ ئەدۆزیتەوە.

## شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢



ئەم ماوەیە واهەست دەکەی کاتەکان خێراتر تێپەڕ دەبن ئەمەش کاریگەری دەبێت لەدەرکردنی چەند بڕیارێکی گرنگ. هەندێك پرۆژەی خۆت بۆ هەفتەیەی داهاتوو دوا بخە و کەسێك یارمەتیت ئەدات بۆ دەستکەوتنی زانیاری زیاتر سەبارەت بە چەند بابەتێکی گرنگ.

## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢



دەست بکە بە ئەنجامدانی ئەو پرۆژەیەی کە ماوەیەکە بیر لەجێبەجێکردنی دەکەیتەوە. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بۆ دووبارە ڕێکخستنەوە و پێداچوونەوەی بەرنامەی ژیانی خۆت و خۆ ئامادەکردن بۆ قۆناغێکی نوێ.


## جیاوازی وێنە!

**بۆ زانینی ئاستی زیرەکی مێشك لەماوەی (٢) خولەكدا (٧) جیاوازی لەم دوو وێنەیە بدۆزەوە**






### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢




ڕۆژێك دێت پەشیمان دەبیتەوە و باجی هەڵەكانت دەدەیەوە، پێویستە ئەوەندە زوو گۆڕانكاری گەورەت بەسەر دا نەیەت. دڵی خەڵك لەخۆت مەڕەنجێنە. لەگەڵ ئەوەی هەفتەیەكی خۆش دەبێت لەهەمان كاتیشدا چەند دەستكەوتێك بە دەست دێنیت.

### دووپشك ١٠/٢٣ - ١١/٢١



ئامادەبوونت لەبۆنەیەكی كۆمەڵایەتیدا دەبێتە هۆی بەهێزتر بوونی پەیوەندییەكانت لەهەمان كاتدا دەبێتە هۆكارێك بۆ كۆتایی هاتنی ئەو نیگەرانییەی كە ماوەیەكە هەستی پێ دەكەی.

### كەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١




ئەم ماوەیە هەست بە دڵخۆشیەكی بێ وێنە دەكەی بەهۆی چەند گۆڕانكارییەك كە لەبەرژەوەندی تۆ دان. ئەگەر خۆشەویستت نییە پەیوەندییەكی سۆزداری لەڕێگادایە و دەبێتە سەرەتایەك بۆقۆناغێكی نوێ و گرنگ.

### گیسك ١٢/٢٢ - ١/١٩




ئەم هەفتەیە زۆر گۆڕانكاری ڕوودەدەن لەژیانی تۆدا، ماوەیەكە كەسێك بەنیازە هەستی خۆشەویستی خۆی لای بۆ هاوڕێیەكت ئاشكرا بكات و داوای یارمەتیت لێدەكات. بەم نزیكانە پەیوەندییەكە دەست پێدەكات.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨



پێكەنین دەبێتە هاوڕێت و خەمەكانت لەبیر دەباتەوە، دوای ماوەیەكی زۆر دابڕان و دووركەوتنەوە ئێستا كاتی ئەوە هاتووە كاتێكی خۆش لەگەڵ هاوڕێ و كەسە نزیكەكانت بەسەر ببەی.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠



ئەم هەفتەیە زۆر گونجاوە بۆ نوێ بوونەوە لەهەموو بوارەكاندا، ڕازی دڵی خۆت بەو كەسە بڵێ كە دەمێكە بە نهێنی خۆشت ئەوێت ئەویش هەمان هەستی تۆی هەیە. دوای ماوەیەك یەكتر ئەبینن.

ئا: فەرهاد محەممەد ناز گەمی

| ١٢ | ١١ | ١٠ | ٩ | ٨ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ■ | | | | | | | | | | ١ |
| | | | | | | ■ | | | | | | ٢ |
| | | ■ | ■ | | | ■ | | | | ■ | | ٣ |
| | | | | | ■ | | ■ | | ■ | | | ٤ |
| | ■ | | | ■ | | | | ■ | ■ | | | ٥ |
| | | | | | ■ | | | | | | | ٦ |
| | ■ | | | | | | | | ■ | | | ٧ |
| | | | ■ | | ■ | | | ■ | | | | ٨ |
| | | ■ | | | | ■ | ■ | ■ | | | | ٩ |
| | | | | ■ | | | | | ■ | | | ١٠ |
| ■ | | | | | | | ■ | | | | | ١١ |
| | | | | | | | | | | | ■ | ١٢ |

## ئاسۆیی:

١- گۆرانیبێژێكی كوردی كۆچكردووە- وەكویەك.
٢- میوەیەكە(پ)- شاعیرێكی كوردبوو(پ).
٣- ژەهراوی- دراوێكە(پ)- وەكویەك.
٤- نەخێر(پ)- ڕۆمیۆ.
٥- هەوا- بەد-ڕەگەزێكە.
٦- ئامێرێكی مۆسیقایە(پ)- كچە گۆرانیبێژێكی كوردە.
٧- پرس- گوڵكاری مۆندیالی ١٩٩.
٨-نۆك-(ت)- دوو پیتی عارف- سێ پیتی بێژن.
٩- خزمێكە(پ)-ژمارەیەكە(پ)- ئەندامێكی لەشە.
١٠- هار(پ)- دارێكە- كارتۆنێكی منداڵانە.
١١- گۆرانیبێژێكە- سەرگەردان.
١٢- گۆرانیبێژێكی كوردی كۆچكردووە.

## ستوونی:

١- گۆرانیبێژێكی كوردی كۆچكردووە.
٢- دارێكە(پ)- گۆرانیبێژێكی كوردی كۆچكردووە(پ).
٣- تیغ- ژێر(پ)-پرس.
٤- چیایەكی كوردستانە(پ)- دووپیتی باسك- وڵاتێكی ئەفریقیە.
٥- سێ پیتی فۆرم.
٦- كچە گۆرانیبێژێكی لوبنانییە(پ)- یاد(ت).
٧- یەن(ت)- یاریەكی پاڵەوانییە(ت).
٨- وڵاتێكی ئەورووپیە(پ)- جۆرە قوماشێكە- نیوەی وەرە.
٩- وەكویەك- خەڵكی شام(پ)- وازی(پ).
١٠- چیایەكی كوردستانە(پ)-نای(ت).
١١- پێغەمبەرێكە- شاعیرێكی كوردبوو(پ).
١٢- گۆرانیبێژێكی كوردی كۆچكردووە.

## بۆ زاخاوی مێشك

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (هەنار) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەكیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیكارە بدۆزیتەوە..

ئەم خانەنانە بە پیت پڕ بكەرەوە كە لە كۆتایی ناوێكت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەكدا ناوەكە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانكاریانەی خوارەوە :

**ئاسانكاری**

- پیتی خانەكانی (١+٢+٣) كۆ بكەیتەوە بە مانای (شتێك ترسی هەبێ و ترسناك بێ)
- پیتی خانەكانی (٤+٥) كۆ بكەیتەوە بە مانای (ناوێكی دیكەی هەوا)
- پیتی خانەكانی (٣+٢+٣+٢) كۆبكەیتەوە بە مانای (دایك بە زمانی عەرەبی)
- پیتی خانەكانی (١+٣) كۆ بكەیتەوە بە مانای (ژەهر بە زمانی عەرەبی)

